
TARGET
Keep Antibiotics Working

# هەوکردنی بۆری مێز

## ناملکەی زانیاری بۆ بەساڵچووان و چاودێران.

### هەوکردنی میز چیە؟

**هەوکردنی میز کاتێک ڕوو دەدات کە بەکتریا لە هەر بەش لە سیستەمی میزکردن ببێتە هۆی بەدیهاتنی نیشانهکان.**




*ئەگەر فەحسی میز بوونی بەکتریا دەسنیشان بکات بەڵم بارودۆخت باشە، نیگەران مەبە، ئەمە شتێکی باوە، و بەگشتی پێویستی بە بەکارهێنانی ئانتی بیوتیک نیە. لەگەڵ ئەوەشدا، هەوکردنی میز بەڕێژەی توند ڕەنگە هەڕەشە لە ژیان بکات.*

### بهمهبهستی یارمەتیدان بۆ بهرگری لە هەوکردنی میزەڵدان دەتوانی چی بکهیت؟

**ئاخۆ بە ڕێژەی پێویست شلەمەنی دەخۆیەوە؟ سەیری ڕەنگی زەردی خۆت بکە.**




- *بۆ ئەوەیەکە لە ماوەی ڕۆژدا بە شێوەی ڕێکوپێک میزی کەمڕەنگت هەبێت، و بۆ بەرگری لە هەستی تینوویهتی، بەتایبەت لە ماوەی ڕۆژە گەرمەکاندا، بەڕێژەی پێویست شلەمەنی )٨-٦ پەرداخ( بخۆوە*
- *لە خواردنەوەی لەڕادەبەدەری واردەمەنی گازدار یان کهول خۆ بپارێزە*
- *بەرهەمەکانی کرەنبێری یان پاکێجی سیستیک هیچ سوودێکی سەلمێنراوی نییە*
- *بهرگری بکە لە قەبزبوون. ئەگەر پێویست بکات داوای ڕاوێژکاری بکە*
- *بەباشی کۆنتڕۆلی شەکرە بکە*

**بەرگری بکە لە باڵوبوونەوەی بەکتریا لە ڕیخۆڵەوە بۆ میزەڵدان:**

- *پاش بەکارهێنانی توالێت ئەندامی زاوزێ لە پێشەوە بۆ دواوە پاک بکەوە*
- *پادەکە بگۆڕە و ئەگەر تەڕ بوو ئەندامی زاوزی خاوێن بکهوە*
- *دەوروبەری ئەندامی زاوزێ بە خاوێنی و ویشکی بهێڵەوە؛ سابوونی بۆندار بهکار مههێنە*
- *بەر لە پەیوەندی سێکسی و پاش پەیوەندییەکە بە ئاو بیشۆرە*

TARGET
Keep Antibiotics Working

**سەبارەت بە ڕۆیشتن بۆالی پزیشکی گشتی یان چارەسەرییەکانی دیکە لەگەڵ دەرمانسازی خۆت قسە بکە**

## دەبێ لە کام نیشانە بگەڕێیت؟

**ئەگەر قهستهرێکی میزیت هەیە، تێبینی ئەم نیشانانە بکە:**

- *لەرزین*
- *پلەی گەرمای بەرز یان نزم*
- *ئێشی گورچیلە لە کەمەرتدا ڕێک ژێر پەراسووەکانت*







**نیشانەی نوێ یان خراپتربووی هەوکردن لە هەموو کەسەکاندا:**

- *ئازار یان کزانەوە لە کاتی میزکردندا*
- *پلەی گەرمای بەرز یان نزم*
- *لەرزین*
- *میزی بەپەلە )هەستکردن بەوە کە بەپەلە پێویستت بە میزکردنە(*
- *ئێش لە بەشی خواروی سک سەرووی تووکەبەر*
- *خۆ بۆ نەگیران )خۆتەڕکردنی لەڕادە بەدەری ئاسایی(*
- *میزکردنی لەڕادەبەدەر*
- *میزی تار، یان بوونی خوێن لەناو میزەکەتدا*
- *گێژی، گۆڕانی ڕەفتار، یان ناهاوسەگی لە ڕاوەستاندا*

## ڕهڕای ئهوهکه هەوکردنی میز دەبێتە هۆی گێژی، هەموو کهیسهکانی دیکەش لەبەرچاو بگرە کە دەبنە هۆی گێژی

- *ئازار*
- *قەبزی*
- *بەدخەوی*
- *هەست بە ناخۆشی*
- *نهخواردنهوهی شله به ڕادهی پێویست*
- *کاریگەری الوەکی دەرمان*
- *جۆرەکانی دیکەی هەوکردن*
- *گۆڕانکاری لە میزکردنی تۆ یان دەوروبەری ماڵەوە*
- *پارێزی الواز*

**ئەگەر لەو باوەڕەدایت کە لەوانەیە کۆڤید-19 ت بێت ئەوا تکایە سەردانی بڕگەی ڤایرۆسی کۆرۆنای GOV.UK و NHS بکە بۆ دوا ڕێنوێنی و زانیاری.**

## دەتوانی چی بکەیت بۆ یارمەتی بە باشتربوونت؟

- بەرهەمەکانی کرەنبێری یان پاکێجی سیستیک هیچ سوودێکی سەلمێنراوی نییە
- ئەگەر نیگەرانی خۆتەڕکردنی خۆتی،
- بۆ وەرگرتنی ڕاوێژکاری سەردانی پزیشک یان پەرستارەکەت بکە.
- داوای ڕاوێژکاری بکە لە دەرمانساز/چاودێری خۆت
- بۆ بەرگری لە هەستی تینوویەتی و بۆ ئەوەیکە ڕەنگی میزەکەت بە کاڵی بهێڵیەوە، بەڕێژەی پێویست شلە بخۆوە
- بۆ ئەوەیکە لە ماوەی ڕۆژدا بە ڕێکوپێکی میز بکەیت، بەتایبەت لە ماوەی ڕۆژە گەرمەکاندا، بەڕێژەی پێویست شلە بخۆوە
- بۆ دابەزینی تاو و ئازار بە ڕێکوپێکی، النیزر 4 جار لە ڕۆژدا، پاراستامۆل بەکاربێنە



## دەرمانساز / پەرستار /پزیشک دەتوانێت چی بکات؟

ئەگەر ئەگەری ئەوە هەبێت کە نیشانەکانی تۆ خۆیان بەخۆیەوە باش ببنەوە، ڕەنگە تۆ ڕاوێژکاری چاودێر لە خۆت و شوێنی نیشتەجێبوون وەرگریت



- داوات لێدەکرێت تا شلەیەکی زیاتر بخۆیەوە
- داوات لێدەکرێت بۆ نموونەیەک میز
- ڕەنگە ئانتی بیوتیکێکت پێبدرێت کە ئەگەر نیشانەکانت باشتر نەبێتەوە یان هەست بە خراپتربوون بکەیت، دەتوانی بەکاری بێنیت

## هەردەم متمانەت هەبێت بە ئامۆژگاری دەرمانساز/ پەرستار/ پزیشکی خۆت دەربارەی ئانتی بیوتیکەکان

- ئانتی بیوتیک کاریگەری دەبێت لەسەر باکتریای ناو ڕیخۆڵەکەت، کە ڕەنگە بۆ ماوەی یەک ساڵ لە ئاستی ئانتیبیوتیک بەرگەگریان بکات
- ڕێگە بدە کە ئانتی بیوتیک هەروا کاریگەر بێت، تەنیا کاتێک بەکاریبێنە کە پزیشک/پەرستارەکەت ڕایدەسپێرێت
- ئانتی بیوتیک دەتوانێت لە هەندێک حاڵەتی توندی هەوکردنی میزدا، ژیانی مرۆڤ ڕزگار بکات
- بەڵام هەمیشە بۆ نیشانەی مێزی پێویست بە ئانتی بیوتیک ناکات
- کاریگەری الوەکی باوی بەکارهێنانی ئانتی بیوتیک بریتییە لە بۆقزە، لیر، ڕشانەوە و سکچوون؛ ئەگەر نیگەرانیت کە نیشانەکان لەماوەی ٢ ڕۆژ لە

## چ کاتێک دەبێ یارمەتی وەرگریت؟

**نیشانەکانی خوارەوە نیشانەی ئیحتیمالی هەوکردنی توندن و دەبێ خێرا پشکنینیان بۆ بکرێت**

**پەیوەندی بکە بە عەیادەی پزیشکی گشتی خۆت لە ڕێگەی ژمارەی )بەریتانیا(، 24 NHS )سکۆتلەند بە گرتنی 111(، NHS direct )وێلز بە گرتنی 0845 4647(، یان عهیادەی پزیشکی گشتی )ئیرالندی باکووری(**



*هەست بەگێژێکی توند، خەواڵوویی یان زمانگیران*



*ڕزین، هەست بە سەرما و ئازاری ماسولکە*



*پلەی گەرمای سەرووی 38ºC یان کەمتر لە 36ºC*



*میزنەکردن لە هەموو ماوەی ڕۆژدا*



*ئێشی گورچیلە لە کەمەرتدا ڕێک ژێر پەراسووەکانت*



*کێشە لە هەناسەدان*



*پێستی زۆر سارد*



*بوونی خوێن لە میزدا*

*زۆر خراپتر بوون، یان باشتر نەبوون، داوای ڕاوێژکاری بکە.*

**متمانە بکە بە غەریزەکەت ، ئەگەردڵنیا نیت کە نیشانەکانت چەندە پەلەکردنی پێویستە داوای راوێژکاری بکە.**

TARGET is operated by the UK Health Security Agency. Developed in collaboration with professional medical bodies. Version: 2.4. Published: October 2018. Review date: June 2021.